ئەدەب و کولتوور
رووداو

## دڵشاد عەبدوڵڵا

# "وزەی سپی" بڵاودەکاتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

"وزەی سپی" ناوی نوێترین کۆمەڵە شیعری دڵشاد عەبدوڵڵا، نووسەر و شاعیرە و لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەم بەرهەمە ئەدەبییە ئەزموونێکی نوێی ئەو شاعیرەیە کە چەند تێکستێکی نوێی شیعری لەخۆدەگرێت و لە ساڵانی 2018 و 2019 نووسراون.

دڵشاد عەبدوڵڵا بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی راگەیاند، کتێبەکە لەسەر ئەرکی خۆی چاپکراوە و هەر داهاتێکی هەبێت بۆ خانەی منداڵانی ئۆتیزمی تەرخان دەکات.

دڵشاد عەبدوڵڵا لە پایزی 1956 لە هەولێر لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لە زانستی کشتوکاڵ هەیە، یەکەم کتێبی لە 1992 بەناوی "جوانییەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنووس یا باوباڵەکان" بڵاوکردووەتەوە.

شاعیر نزیکەی 20 بەرهەمی ئەدەبی بە چاپ گەیاندووە، جگە لە چوار کتێب لە بواری رۆژنامەڤانی و ئەزموون و سێ کۆمەڵە شیعری کراون بە عەرەبی. ساڵی2007 خەڵاتی دەزگای ئاراسی بۆ کتێب وەرگرتووە.




# رۆمانی "من تامەزرۆی خۆشەویستیم" بڵاوکرایەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

رۆمانی، من تامەزرۆی خۆشەویستیم کە لە نووسینی ئاسۆ حەسەنە و لە دووتوێی 177 لاپەڕەدایە، چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئاسۆ حەسەن لەوبارەوە رایگەیاند: "ئەم رۆمانە باس لە ژیانی کچێک دەکات کە باوکی پێشمەرگە بووە و شەهید بووە. کچەکە باوکی خۆی نەدیوە، تەنانەت باوکی تاقە وێنەیەکیشی نییە، ئەو کچە بە گوێرەی ئەو وەسفەی خەڵک بۆ باوکیان کردووە، وێنەی باوکی لە هزری خۆیدا دەکێشێ".

کێشەکانی کچەکە تەنیا لەدەستدانی باوکی نییە، وەک نووسەری رۆمانەکە دەڵێت: "ئەو زوو دایشکی لە دەست دەدات، چونکە ماڵە باوانی دایکی، گوشار بۆ دایکی دەهێنن شوو بکاتەوە، بۆیە کچەکە چیدی دایکی نابینێتەوە".

ئاسۆ حەسەن هەروەها دەڵێت: "ئەم رۆمانە خەم و ژانی کچێکی بێ دایک و باوک دەخاتەڕوو. کچەکە لە قۆناغی چوارەمی کۆلێژی پزیشکی دەیەوێ خۆی لەو ژیانە تەنیاییە رزگار بکات، بۆیە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک دادەنێ، بەڵێن بە یەکدی دەدەن تا مردن لەگەڵ یەک بن، بەڵام دوای دوو ساڵ خۆشەویستی، کوڕەکە لە ناکاو ون دەبێت و دواتر دەردەکەوێ چووەتە ئەوروپا".

نووسەر و رۆماننووس ئاسۆ حەسەن، تاوەکو ئێستا 10 کتێبی چاپکردوون، لەوانە: کە رەهێڵەی شیعر دایکرد (شیعر)، تابلۆ تراژیدییەکان (کۆ چیرۆک)، هەڵدێران (کۆچیرۆک)، پاکبوونەوە (کۆچیرۆک)، نوێژی روناهی (رۆمان)، بێدەنگیی شەوان (بەشی یەک و دوو، کۆلاژ)، لە دووڕیانی مەرگ و ژیاندا (توێژینەوەی کۆمەڵایەتی)، کتێبخانە و ئەرشیفی نیشتمانیی کوردستان، من تامەزرۆی خۆشەویستیم (رۆمان).

# کەشکۆڵەکەی رەمەزان چاپ کرا




■ ئا: بەسام مستەفا

نووسەر و ئەکادیمیستی کورد، رەمەزان ئالان، پەرتووکە نوێیەکەی بەناوی "کەشکۆڵ" چاپ و بڵاوکردەوە. کەشکۆڵەکەی رەمەزان کە لە 229 لاپەڕە پێکدێ و چەند لێکۆڵینەوەیەک و هەڵسەنگاندنێک لە خۆدەگرێ، لەلایەن وەشانخانەی پەیوەند لە ئامەد چاپکراوە. کتێبەکە هەموو ئەو گوتار و لێکۆڵینەوانەی تێدایە کە نووسەر لە کۆنفرانس و پانێل و سەمینارەکان لە نێوان ساڵی 2010 تاوەکو 2019 پێشکەشی کردوون. هەروەها بەشێکی کتێبەکەشی تێزی دکتۆراکەیەتی. ئالان لە پەرتووکی پێشووتری بەناوی "بەندنامە" ژمارەیەک گوتار و لێکۆڵینەوەی هاوشێوەی بڵاوکردبوونەوە، ئەو پەرتووکە دەکرێ وەکو درێژکراوەکەی پەرتووکی "بەندنامە" بێ.

رەمەزان ئالان لە ساڵی 1968 لە شێروانی سێرت لەدایکبووە. ساڵی 1991 بەشی ئەدەبیات و زمانی تورکی لە زانکۆی دیجلە تەواو کردووە. ماستەری لە زانکۆی ماردین ئارتۆکلو لە بەشی زمان و کولتووری کوردی بەدەستهێناوە. ساڵی 2019 لە زانکۆی زاخۆ دکتۆرای لە زمانی کوردی وەرگرتووە.

رەمەزان ئالان تاوەکو ئێستا چەند پەرتووکێکی نووسیون، لەوانەش: ساتورن (رۆمان، 2002)، بەندنامە (رەخنە و ئەزموون، 2009)، فۆلکۆر و رۆمان (رەخنە، 2013)، تیر و ئامانج، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەرگین ئۆپێنگین (رەخنە، 2014) و زانستی ئەدەبیی مۆدێرن (رەخنە، 2015).

● براوەکان کتێبیان بۆ چاپ دەکرێت

# لە هەولێر فێستیڤاڵێکی شیعر و چیرۆك ساز دەکرێت

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ماڵی کتێب لە هەولێر ئامادەکاری بۆ سازکردنی فێستیڤاڵێکی ئەدەبی دەکات تایبەت بە شیعر و چیرۆک. براوەی فێستیڤاڵەکەش کتێبێکی بۆ چاپ دەکرێت.

ئەسکەندەر زرار، دامەزرێنەر و سەرپەرشتیاری ماڵی کتێب بە پاشکۆی (ئەدەب و کولتووری رووداوی)ی راگەیاند، فێستیڤاڵی ماڵی کتێب بۆ پێشبڕکێی شیعر و چیرۆک ساز دەکەن و ئامانج لێی برەودانە بە داهێنانی ئەدەبی و چاپکردنی کتێبی ئەدەبی.

گوتیشی، فێستیڤاڵەکە یەک رۆژ دەخایەنێت و 11ی تشرینی دووەمی داهاتوو بەڕێوەدەچێ. چەند کەسێکی دیاریکراو لە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەقەکان لە هەردوو بوارەکە هەڵدەبژێرن، دواتر براوەی یەکەم، دووەم و سێیەمی هەردوو بوارەکە دەستنیشان دەکرێت.

سەبارەت بە خەڵاتی فێستیڤاڵەکەش، ئەسکەندەر زرار دەڵێت: "براوەی یەکەم لە هەردوو بەشەکە کتێبیان بۆ چاپ دەکرێت، وەک دیارییەکی فێستیڤاڵەکە بۆیان".

لە 10ی ئەم مانگەوە وەرگرتنی دەقەکان دەستپێکردووە و تاوەکو 25ی مانگ بەردەوام دەبێت و چیرۆکنووس و شاعیران دەتوانن دەق بنێرن.

ماڵی کتێب لەلایەن ژمارەیەک نووسەر و شاعیری هەولێرەوە سەرپەرشتی دەکرێت و لە مانگی نیسانی ئەمساڵ دامەزراوە، تاوەکو ئێستا 13 کتێبیان بۆ نووسەران و شاعیران چاپکردووە.

## ساده‌بوون وه‌ک گوتاری شیعری

# لەناو تێکستی "مۆتیڤەکانی تری جەنگ" ی حسێن لەتیف- دا



نیهاد جامی



### ئایا شیعر گرنگە؟ گرنگیی شیعر لەکوێدایە؟

کاتێک پرسیارێکی سادەی ناو کۆمەڵگا دێنینەوە ناو نووسین، ئەو ساتە دەزانین دەمانەوێت پەیوەندییەک لەنێوان شیعر و کۆمەڵگا دروست بکەین، هەڵبەت ئێمە هەمیشە و بۆ هەموو کارێک سەرەتا بەدوای گرنگییەکەیدا دەگەڕێین، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە گرنگی خۆی چییە لە کۆمەڵگای کوردیدا؟

کاتێک گرنگبوون وەک پاشەڕۆژ دەبینین، بەدڵنیاییەوە هەر شتێک نەتکات بەخاوەنی سەرمایە هیچ گرنگ نییە. لێرەدا سەرمایە دوو ڕووی هەیە: سەرمایەی ڕەمزی بەتەنیا پەیوەستی گوتاری پاشەڕۆژی دینیی دوای مردنە، سەرمایە وەک خۆی خەونی بنیاتنانی داهاتووە، بەکورتیەکەی لەو دەستەواژەیەوە تێدەگەین هەر شتێک داهاتووی بۆ بنیات نەنێین کەواتە هیچ گرنگ نییە، ئەو تێگەیشتنە زیانێکی تەواوی لە ئاگایی مرۆڤی کورد داوە، وایکردووە نەتوانێت گەشە بەتوانا عەقڵی و فەرهەنگییەکانی بدات.

لەکاتێکدا زۆرینەمان وەک ویستی ژیان ئارەزووی شیعر دەکەین و زۆربەشمان لەسەرەتای تەمەنماندا لەڕێی حەزەکانمانەوە پەنای بۆ دەبەین، هەندێکجار دەستپێکمان وایە دەکەوینە گۆڕینی هەندێک وشەی شیعریی شاعیرانی کلاسیکی، تا بتوانین دڵی کچانی گەڕەکی پێ ڕازی بکەین، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبەکان و گەشەی ئاگایی فەرهەنگیمان، ئیتر هەندێکمان دەبین بە شاعیر و هەندێک شەڕی پێ دەفرۆشین و هەندێکیشمان ناوی گەورەی شیعری بۆ خۆمان دروست دەکەین و کۆمەڵگا ناچار دەکەین گوێمان لێ بگرێت. لەوێدا تێدەگەین ئەوە گرنگیی شیعرە لەگەڵ هەست و ویژدانی هەمووماندا دەدوێت و لەبری ئێمەش قسە دەکات، جا ئەو کاتە ناتوانی بڵێی کەی شیعر گرنگە، کاتێک شیعری شاعیرانی وەک شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو دەخوێنیتەوە.

ئەوە سووربوونی شاعیران بوو وایکرد شیعر گرنگ بێت، نەک پشتگیری و هاندانی کۆمەڵگا، دەستەواژەی "کەی شیعر گرنگە" هێندە وێرانکارە نایەڵێت گەشە بە توانا شیعریەکانت بدەی، بەڵام مرۆڤگەلێکی خەونبین دەستبەرداری دنیا خەیاڵیەکەیان نەبوون و لەناو زماندا گەشەیان بە خەونەکانیان داوە، بۆیە ئەو ساتەوەختە بۆ ئەوان لۆژیکی گرنگبوون هیچ ماهیەتێکی نییە، کە ئاخۆ شیعر گرنگە، بەڵکو بۆ ئەوان پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە، چۆن ئامادەبوونی خۆت وەک شاعیرێک دەسەپێنی لەبەردەم شاعیراندا؟

ئێمە ڕووبەڕووی ئەزموونی جیاوازی شاعیرانی پێش خۆمان دەبینەوە، لەشکرێک لە شاعیر دەبینین، خەریکی لاسایی ئەو میراتە شیعریەن و لاساییان دەکەنەوە، دەکەونە نووسینی شیعری درێژ بەو ئومێدەی بگەنەوە ئەو ئەزموونانەی لەو ڕێگەیەوە ئامادەبوونی خۆیان سەپاند، کەچی لەو کاتەدا دەبینین شاعیرێکی وەک حسێن لەتیف بەپێچەوانەی ئەو فۆرمە ڕووبەڕووی ئەزموونی چڕبوونەوەی زمانمان دەکاتەوە و لەگەڵ کتێبێکدا بەناوی "دەرگاکان بە زەردەخەنە دەکرێنەوە" بەرەو سادەیی فۆرممان دەبات، ئەو سادەبوونەوەیە وامان لێ دەکات خەیاڵمان بۆ لای شیعرەکانی ژاک پریڤەر بروات، کە چۆن وێنەی ڕەوان دەمانباتە ناو قووڵایی وێنە و ماناکانی، بۆیە ئێمە لەبەردەم ئەو کتێبەدا هەر لەناونیشانەوە دەبینە ئەو خوێنەرەی ساتێکی گەشبینانەمان دەبێت و زەردەخەنە دەکەین تا دەرگای کتێبەکەمان بۆ بکرێتەوە.

ناونیشان ئێمە دەخاتە بەردەم کتێبێکەوە کە سادەبوونی شاعیر و خوێنەر لەساتی پاکیزەیی بەرکەوتنە، ئەوە بۆ خۆی پەیوەندییەک دەخوڵقێنێ کە توانای بەشداریی خوێنەری هەبێت لەناو تێکستێکدا کە شایانی خۆی بێت لەڕێگەی گوتارێکی شیعرییەوە.

### "مۆتیڤەکانی تری جەنگ"

لێرەوە ئێمە دەکەوینەوە ناو تێگەیشتنێکی نوێ، بەوەی منی خوێنەر لەبەردەم مۆتیڤی جەنگدام، بەڵام ئەو مۆتیڤانەن کە پێم نیشان نەدراون، ئەوانەی گرنگە منی خوێنەر لە جەنگ و دوای جەنگدا ئەوانە ببینم، بەڵام شاعیران وەک سیاسیەکان فریویان داین و لێیان شاردینەوە، ئەوان عاشق بوون و بەزۆر بردران بۆ جەنگەکان، خەونی یاریان هەبوو، بەزۆر داکۆکی لە خاکیان پێکرا، لێرەوە ئارەزووی ژیان لە جەنگدا نەهاتنە بۆ جەنگ، ئەو هاوار ناکات بەشداری جەنگ ناکەم، بەڵکو لەڕێی چوونە نێو هەستی جەنگاوەرێکەوە تێدەگەین کە درۆیەکی گەورەیە شەڕکردن لەپێناوی داکۆکی لە خاک ناو بنرێت، لێرەوە خەونی پاشەڕۆژ شتێک نییە شاعیرەکەمان هەڵگری بێت، دەنا لە بنەڕەتدا هەر شیعری نەدەنووسی و وەک ئەوانیتر دەیگوت شیعر کەی گرنگە، بەڵام بۆ ئەو شیعر گرنگە چونکە زمانە، زمانیش تێڕامانی خەونە لە ژیان.

لێرەوە خەونبینینی کچەکان بە سەربازەکانەوە وەک پاڵەوان، لەڕاستیدا خەونبینینە بە مەرگەوە، چونکە سەربازەکان هەرگیز ناگەڕێنەوە، چونکە ئەوان لەجەنگدا خەون دەبینن، بەڵام چونکە لەبیابانی ئاگردان نەک لە باخچە، بۆیە خەونەکەیان ناگاتە هیچ شوێنێک کە شاعیرەکەمان ئەوە ناو دەبات بە "سەربازەکان بەر لەوەی هەنار گوڵ بگرێت دەمرن".

ئەوە جەنگە مۆتیڤی ڕاستەقینە، کە لەبری خوڵقاندنی خەون، دەبێتە هۆی زەوتکردنی خەون، ئەو درۆیەی جەنگ بۆ پاشەڕۆژ هەڵگریەتی هیچ نییە جگە لەو وێرانکاریەی شاعیران فریویانداین و لەبەردەم مۆتیڤە شاراوەکانی جەنگ ڕووبەڕووی دەبینەوە، بۆیە عاشقەکان کە چارەنووسیان هەر سەربازیە، ئیتر بۆچی عاشق بن، با عاشق نەبن و لەبنەڕەتدا ببنە سەرباز، ئەو ڕامانە شیعریەی عاشق لەناو زماندا شاعیر و عاشق بەیەک دەگەیەنێت بۆ بێبەهاکردنی عەشق لە کۆمەڵگای جەنگدا.

کاتێک سەربازبوون وێنەیەک بێت بازنەیەک بۆ نێرەکان دروست بکات، ئیتر لێرەوە تێدەگەین ئەوە جەنگە باوک بوون ئامادە دەکاتەوە بۆ سەربازێکی تر، نەوەکان دەبنەوە سوڕانەوە بەناو بازنەی باوکدا، هەمووشیان لەناوەڕاستی بازنەی جەنگدان.

لێرەدا ململانێکە لەنێوان شاعیر و سەربازدایە، دوو کارەکتەر لەناو مرۆڤێکدا، بۆیە کاتێک دەڵێن شیعر کەی گرنگە، ئەو کاتە شاعیرەکە دەمرێت و سەربازەکەش لە گۆڕەپانی جەنگدا دەکوژرێت، ئەوەی درێژە بەچیرۆکی مەرگ دەدات، ژنێکە تا کۆتایی تەنیا، یاخود دایکێکە کوڕەکەی گەورە دەکات تا ببێت بە سەرباز بۆ مردن.

کێن ئەوانەی ناچن بۆ جەنگ؟ ئەوانەی بەشداری لە جەنگەکان ناکەن بە خائین ناویان دەبەین، ئەوانەی دەیانەوێت بۆ ژیان بژین، وەک شوورەیی لەناو کۆمەڵگادا دەیانبینین، بەڵام بەڕاست ئەوانەی ژنێکیان لە تفەنگ خۆشتر ویست خائین بوون؟ ئەی ئەوانەی نیشتیمانیان لەژووری نووستن لەلا شیرینتر بوو، ئێستا لەکوێن؟ ئەوە پرسیاری ئێمە نییە لەژیان، ئەوە پرسیاری ترسنۆکانەی ئاراستەنەکراوە لەناو ئەو تێکستە شیعریەدا، پرسیارێک لەناو زماندا خۆی شاردووەتەوە، شاعیر ناتوانێت لەڕێی زمانەوە بیگەیەنێت، بۆیە بە بیانووی کەسێکی تر دەیهێنێتەوە "هاوڕێکەم ژووری نووستنی لە نیشتمان خۆشتر ویست".

بەڵام لەو ڕاستیە تێدەگات کە ئەو نە جەنگاوەر بوو نە عاشق، بۆیە ئەوە شکست و مەرگن ڕووبەڕوومان دەبنەوە، خەون هیچ نییە جگە لە مەرگێکی ترسنۆکانە کە شاعیرێک بۆمانی دەگێڕێتەوە، ئەو وێنەیە بەئاگاهاتنی یادەوەریی نەوەیەکە کە جەنگ ڕایکێشایە ناو مەرگ و ژیانی لێ زەوت کرد، نەوەیەک زیاد لە نیو سەدەیە خەونی هەیە و سەرەنجام خەونەکانی بوون بە سەرکەوتنی جەنگاوەرێک کە نە جەنگ هی ئەو بوو نە ژیان.

سەرەنجام کۆمەڵگا لەخۆڕا ناڵێت شیعر کەی گرنگە، چونکە دنیابینیەکی ترە کە ئێمە نەمانبینی و داباب بینییان، ئەوانیش دەست بە دوعان منداڵەکان عاشق نەبن، کاتێک قافڵەکان تێدەپەڕن و کچێک عاشقی سەربازێک دەبێت، ئەوە تەنیا شیعرە دەچێتە ئەو قووڵاییەوە. سەربازەکان دەمرن، یاخود ئەوە زیندەگی شاعیرانەی داباب بوو وتیان ئێمە شاعیرانە ژیاین و مردین، ئێستا ئێوە بۆ دەتانەوێت شیعر بنووسن، دەنووسن بۆ ئەوەی بمرن.

نووسین و مەرگ گێڕانەوەی چیرۆکی مردن نییە، بەڵکو شیعرێکی خەمناکی ژیانە، ئەوە بێباکی زەمەنی چاوەڕوانییە، شیعرێکە دڵشکاو، فرمێسکی منداڵێکە لەبەردەم سوڕاندنی ئەتڵەسەکەی دەستی مامۆستا کە دەڵێت "لەوێدا باوکم شەهید بوو". ئێمە لەبەردەم تێکستێکی شیعریداین کە نامۆ نییە بەژیان، بەڵکو یادەوەری ئێمەیە بۆ ژیان، لێرەدا پێویستی و گرنگیی شیعر دەردەکەوێت و دەبێت بڵێین "بێ شیعر مێژوو چۆن دەنووسرێتەوە، واااای چما هێندە گرنگ بوو شیعر".

---

# چواردەورمان وەک چیرۆکێکی گەورە



وەلید عومەر

ئەدەبی گێڕانەوە کۆمەڵێک ژانری بەرفراوان دەگرێتەوە و لە هەندێک ژانری زارەکییەوە وەردەچەرخێت بۆ سەر هەندێک ژانری نووسراو. پرسیاری ئەم نووسینە کورتە ئەوەیە ئەمڕۆ پاش گەشەی تەکنیک و نیشتەجێبوونی مرۆڤ لەنێو فەزای مەجازیدا، گێڕانەوە چی لێدێت؟ یان باشترە بپرسین: شتێکی ئەوتۆ سەرنجڕاکیش دەمێنێتەوە بیگێڕینەوە؟

لەپاش گەشەی تەکنۆلۆژیا، مرۆڤ ڕۆژانە زۆرترین شت دەبینێ و دەبیستێ و بە مانایەک لە ماناکانیش «دەخوێنێتەوە». ئەویش لە فۆرمی کۆمەڵێک ژانری تارادەیەک نوێدا کە بریتین لە پۆست (ستاتووسی کورت و درێژ)، ڤیدیۆ، کۆمێنت، چات، وێنە و هتد. لەنێو ئینتەرنێت و فەزای مەجازیدا، بەردەوام بەر فڵانە حەکایەت و ڕووداو و نوکتە و هەواڵ دەکەوین. لە کۆمێنتەکانیشدا گوتنەوە، پشتڕاستکردنەوە، بەدرۆخستنەوە، وەرگرتن و ئیقتیباس، گێڕانەوە و هتد هەیە. تادێتیش هەمووشت بەرەو بەقۆشمەییکردن دەبرێت و ڕەهەندی هەموو ئەو شتانەمان پیشاندەدرێتەوە کە ئەگەری پیشاندانەوە و گێڕانەوەیان تێدایە. بۆ نموونە، نوکتە و قۆشمەیی، هەموو ئەو دیوە کۆمیدی و تراژدییە لەخۆدەگرن کە دەشێت لە چیرۆکێک یان ڕۆمانێکدا بەری بکەوین. وەک بڵێی لەڕووی ناوەڕۆکەوە، خەریکە هەموو شتەکان لەو ماشێنە مەجازییەدا دەگوترێن و دەگوترێنەوە. وەک بڵێی ئەو چیرۆکەی دەمانەوێت بینووسین، بەر لە نووسینەوە بەتاڵبووەتەوە؛ چونکە هەست دەکەیت لە ساتێک لە ساتەکانی ناو فەزای مەجازیدا بینیوتە و خوێندووتەتەوە. ئەو ماشێنە گەورەیەی کە ناوی فەزای مەجازییە، بەردەوام پێویستی بەوەیە شتت پێ بگێڕێتەوە، ئەوەشی دەیگێڕێتەوە پێویستی بە زیادکردن و ئیزافەیە، ئەوەشی ئیزافە دەکرێت زۆرجار ڕەهەندێکی کۆمیدی وەردەگرێت و ئەم ڕەهەندە جۆرێک لە کەشفی هەر تێدایە.

ئەو شتەی بۆ یەکەمجار لە فەزای مەجازیدا دەتخاتە پێکەنین، هاوکات ئەگەری هەیە شتێک لە ئەدەبیاتی داستانی و گێڕانەوەشدا بکوژێت. بۆیەشە چاوەڕوانیی خەڵک لە ڕۆمان و چیرۆکەکان کەمتربووەتەوە و هەست دەکەن ئەوەی دەیخوێننەوە بە پارچەکراوی لەوێ بیستوویانە. ئەم بیستنەش وەک گوێگرتن بووە بۆ حەکایەتێک. ئەوەش جار و دووجار نەبووە، بەڵکو چەندین جار بەر گوێ و بەر چاویان کەوتووە. کەواتە ئەوەی بۆ ئەدەبیاتی گێڕانەوە دەمێنێتەوە پتر فۆرمە نەک ناوەڕۆک. ئەم حوکمە کەمێک قورسە، بەڵام شیاوی ئەوەشە بیری لێ بکرێتەوە. لە فەزای مەجازیدا زۆرترین گوتراو و گێڕدراوە هەیە، بۆیە سەر بە ناوەڕۆکە. بەڵام ئەم گوتراوانە عادەتەن فۆرمێکی ڕێک و داهێنەرانەیان نییە. ئەوپەڕەکەی گێڕانەوەیەکی کورت و نووسراو و وێنەییە. فۆرمەکەیان بەرتەسک و خێرایە و لەسەر کورتبڕی وەستاوە. خێراییەکەی پەیوەندییەکی بەو میدیۆمەوە هەیە کە تێیدا لەدایک دەبێت و ئەویش بریتییە لە فەزای مەجازی خۆی.

میدیای بینراو یان تەلەفزیۆنیش لەڕێگەی ڕیپۆرتاژ و بەدواداچوون و هێنانی شایەتحاڵەکان بۆ دۆزی جیاجیا، زەفەر بە ئەدەبیاتی گێڕانەوە دەبات. ئەوەی لەم بەرنامانەدا دەگوترێت، وەک ناوەڕۆک خۆیان چیرۆکن و فۆرمێکیشیان بۆ ئامادەکراوە کە بەرنامەکەیە و بەرنامەکەش لەڕێگەی مۆنتاژ و موزیک و بڕین و فلاشباک و هتدەوە ڕێکدەخرێت. ئایا گەر چیرۆکنووسێک یان ڕۆماننووسێک یەکێک لەو چیرۆکانە ببات و بیکاتە ڕۆمانێک تا چەند سەرکەوتوو دەبێت لەوەی خەڵک تاقەت و بڕستی خوێندنەوەی هەبێت؟ تەکنیکی نووسراو و تەکنیکی میدیایی کامیان دەتوانن خوێنەر- بەردەنگ بهێڵنەوە؟ ڕەنگە لێرەشەوە بێت کە باسی ئاڵنگاریی سینەما دەکرێت کە چۆن ڕۆمان تووشی کێشە دەکات. سینەما بەو فۆرم و تەکنیکەی خۆیەوە گرفت بۆ فۆرم و تەکنیکی ڕۆمان دەخولقێنێ. ئەوەی کامێرا دەیگێڕێتەوە چەندە پێشی ئەو شتە دەداتەوە کە تێکستێکی نووسراو دەیگێڕێتەوە؟ ئەمە جگە لەو ڕاستییەی کە لە فەزای مەجازیدا جۆرێک لە گێڕەرەوەی گشتی درووستدەبێت کە هەروەکو گێڕانەوەی فۆلکلۆر خاوەنی نییە. کۆپی پەیستی هاوکات، جێی «گواستنەوەی دەماودەم» دەگرێتەوە و لەبری ئەوەی چاوەڕوان بیت، کەچی شتەکان بە هاوکاتی دەگەن و دەگێڕدرێنەوە.

ئەمڕۆ جاروبار ئەو دەقانەش دەبینین کە هەوڵدەدەن لاسایی فۆرمی مەجازی بکەنەوە، بەڵام ئاخۆ تا کوێ بڕدەکەن. بەگشتی داهاتووی گێڕانەوەی شتی نوێ بەرەو کوێ دەچێت؟ لە جیهانێکی وەک ئێستادا کە پەرتەوازە و پارچە پارچەیە، گێڕانەوەی زاڵیش لە فەزای مەجازیدا گێڕانەوەیەکی پارچە پارچەیە. ئاشکرایە ئەدەب نایەوێت شتێک وەک خۆی بگێڕێتەوە، بەڵام دونیای مەجازییش شتەکان کتومت وەک خۆی ناگێڕێتەوە. هەمووان لەوێ لەو گێڕەرەوە هەمووشتزانە دەچن کە «نازانن» خاوەنی ئاگاییەکی پارچە پارچەن، بەڵام ماشێنەکەش بە هەموو لایەکدا هەڵدەسوڕێت تاوەکو هەمووشت بگوترێتەوە.

# ڕۆمانی مێژوویی و گێڕانەوەی یادەوەری

## بەراوردێک لە نێوان یادەوەرییەکانی شۆڕشی نوێ و ڕۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)دا



شاخەوان سدیق



گومانی تێدا نییە کە مرۆڤ یەکێکە لەو بوونەوەرانەی ئارەزوویەکی زۆری بۆ مانەوە هەیە و هەمیشە توند باوەشی بە ژیاندا کردووە، یەکێک لە هەوڵە بەردەوامەکانیشی ئەوە بووە کە بەدرێژایی بوونی شەڕی لە پێناو نەمری و مانەوەدا کردووە، بۆ ئەمەش ڕەنگە داستان و مەلحەمەی (گلگامێش) چیرۆکێک و شاهیدێکی زیندووی ئەم باسە بێت، بەڵام پاش بێهیوابوون و شکستهێنانی لە مانەوەی یەکجاری و نەمری، مرۆڤ پەنای بۆ نووسین و گێڕانەوە بە چەندین شێواز و جۆر بردووە، تا لەو ڕێگەیەوە شەڕی مانەوە و نەمری بکات، خۆ ئەگەر هەرنەشتوانێت خۆی نەمر بکات، ئەوا بەنووسینەوەی یادەوەری و ئەزموونەکانی ژیان و ناوەکەی، خۆی لە مردن و فەوتان ڕزگار بکات و جۆرێک لە نەمریان پێ ببەخشێت، کە بەبڕوای من لەمەدا تەواو سەرکەوتوو بووە. ئەوەتا لە ڕێگەی نووسین و خوێندنەوەی مێژووی بەرهەمە ئەدەبی و نووسراوەکانەوە، ئێمە ئاشنای ژیان و ئەزموونی چەندین کارەکتەری مێژوویی دەبین کە سەدە یان چەندین سەدە پێش لە خۆمان ژیاون، بەڵام ناو و بەرهەمەکانیان هەر بە نەمری ماونەتەوە. هەروەک ئەوەی (عەتا محەممەد) لە ڕۆمانی (ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان)دا دەڵێت: "ناوەکان هەرگیز نامرن، بەڵکوو تەنها فەرامۆش دەکرێن، چونکە ئەوەی دەژی، ناوەکانە نەوەک کەسەکان". بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، مێژوو، بەتایبەت مێژووی ئەدەب، پڕە لەناوی ئەو کارەکتەرانەی کە لە ناوی زۆرێک لە مرۆڤە زیندووەکان بەناوبانگترن، لەکاتێکدا تەنها ناوی خەیاڵین و ڕەنگە هەر لە ژیانی واقیعدا نەبووبن. دیسانەوە (عەتا محەممەد) لە هەمان ڕۆماندا دەڵێت: "مێژوو تەنیا سەرزەمینی مرۆڤە ڕاستەقینەکان نییە، بەڵکو ناوەکانیش وەک ئێمە ژیانی تێدا دەکەن، لەگەڵ ئێمەدا (ئەنکیدۆ، یولیسیس، سیدهارتا، دۆنکیشۆت و هەزاران ناوی تر دەژین، کە دەشێ ڕۆژێک کەسێکی ڕاستەقینە نەبووبن و تەنیا ناو بووبن". لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین یەکێک لە ئامانجەکانی نووسین لای مرۆڤ هەوڵە بۆ نەمری. بۆ ئەمەش ڕۆژ دوای ڕۆژ داهێنانی لە بواری نووسیندا کردووە. بەتایبەت نووسینەوەی مێژوو، لەسەر ئاستی گشتی و نووسینەوەی یادەوەری لەسەر ئاستی تایبەتی. بۆ ئەمەش کتێبخانەکان پڕن لەم جۆرە بەرهەمانە. ئەگەرچی ئێستا و بەهۆی پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری نووسیندا، ژانر و ڕەگەزەکان تێکەڵاو و تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکتر نزیک بوونەتەوە، بەڵام دەبێت بیرمان نەچێت وەک بنەما، نووسینی مێژوویی و نووسینی یادەوەری و نووسینی ڕۆمانی مێژوویی جودان لەیەک و هەریەکەیان خاوەن بنەما و شێوازی تایبەت بە خۆیانن کە ئێمە بەکورتی تیشک دەخەینە سەر چەند خاڵێک لەو جیاوازیانە.

### یادەوەری یان گێڕانەوەی بیرەوەری

یادەوەری گێڕانەوەی بەسەرهات و ژیانی کەسێکە لە سەرەتای ژیانییەوە تا ئەو شوێنەی کە تیایدا یادەوەرییەکە بڵاوەکرێتەوە، هەندێکجار ئەم یادەوەرییە بە پشتبەستن بە زانیاریی ورد و باوەڕپێکراو لە لەدایکبوونەوە تا مردن دەنووسرێتەوە، هەندێک جار بەمە دەگوترێت (ژیاننامە یان گەشتی ژیان). لە نووسینەوەی یادەوەریدا مرۆڤ دەتوانێت ئەزموونەکانی ژیانی خۆی و وێستگە تایبەتەکانی بە وردی بنووسێتەوە، جا هەر مەبەستێکی لەم نووسینەوەیە هەبێت. چونکە وەک دەڵێن "یادەوەری شەڕە دژی لەبیرچوونەوە" بۆیە مرۆڤ بۆ ئەوەی خۆی و ئەزموونەکانی لەبیر نەکات، پەنا دەباتە بەر نووسینەوەی یادەوەری.

### مێژوو یان نووسینی ڕۆمانی مێژوویی

وەک دەزانین مێژوو بریتییە لە نووسینەوەی هەموو دۆزراوەکانی گەردوون و پێکهاتەکانی ناوی، بە زیندوو و مردووەوە، بە گیاندار و بێگیانەوە، بەتایبەت بریتییە لە ئەزموونەکانی مرۆڤ بە سەرکەوتنی لایەک و نوشستەکانی لایەکانی ترەوە، بەو پێیەش هەمیشە لایەنی براوە ئەو مێژووەی نووسیوەتەوە، بۆیە هەمیشە گومان لە ڕاستیی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو مێژوو کراوە. چونکە براوەکان هەمیشە شەرعیەتیان بە سەرکەوتنەکانی خۆیان داوە. لایەنی بەرامبەریان فەرامۆش کردووە و خۆیان لە گێڕانەوەی ڕووداوە بچووکەکان پاراستووە. هەمیشە دەرەنجام و کۆتایی ڕووداوەکان بۆ ئەوان جێگای بایەخ بووە. بەهۆی ئەمەشەوە بەردەوام سەدان چیرۆکی گرنگی ناو ئەو ڕووداوانە بزر بوون. هەربۆیە جیا لە مێژوونووسەکان، ئەدیبەکان ڕۆحێکی نوێیان بە مێژوو بەخشی و لە داهێنانێکی تردا، نووسینی (ڕۆمانی مێژووی) یان داهێنا. تا ئەوەی کە ئەوان نایبینن و فەرامۆشی دەکەن، ئەمان فۆکەسی بخەنە سەر و دووبارە لە مردن و فەتان ڕزگاری بکەن. هەروەک (میلان کۆندێرا) دەڵێت: "نووسینەوەی مێژوو سەرەدەری لەگەڵ مێژووی کۆمەڵگا هەیە نەک مێژووی مرۆڤ، لەبەر ئەوە ئەو پێشهاتە مێژووییانەی لە ڕۆمانەکاندا دەردەکەون، زۆر جار لەلایەن مێژوونووسانەوە نابینرێن".

### لەنێوان یادەوەری و مێژوو یان ڕۆمانی مێژووییدا

وەک لەسەرەوە باسمانکرد، ڕێگاکانی نووسینی (یادەوەری یان مێژوو یان ڕۆمانی مێژوویی) هەموویان هەر دەچنەوە سەر یەک ماڵی گەورە، بەڵام بە شێواز و جۆر و تایبەتمەندێتی خۆیانەوە، لەوانە.

1- مرۆڤ لە نووسینی یادەوەریدا هەمیشە باس لە ئەزموونی تایبەتی خۆی دەکات. واتە بە بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک کە خۆیەتی و وەک ڕاوییەکی هەمووشتزان خۆی چیرۆکی تەواوی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. لەکاتێکدا لە نووسینەوەی مێژوودا کەسی نووسەر ئەزموونی گشتی دەگێڕێتەوە و هەمیشە بە پشتبەستن بە گێڕانەوەی زیاد لە سەرچاوە و ڕاوییەک بابەتەکان دەگێڕێتەوە.

2- لە نووسینەوەی یادەوەریدا نووسەر هەندێک جار لە ڕێگەی گێڕانەوەی بابەت و چیرۆکە تایبەتەکانی خۆیەوە ڕووداو و چیرۆکی گشتیش دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ بیرەوەرییەکانی (وینستۆن چەرچڵ)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەخوێنێتەوە، لە گێڕانەوەی ژیانی ڕۆژانەی ئەوەوە خوێنەر ئاشنای ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەبێت، بەتایبەت پەیوەندییەکانی وڵاتانی (ئەمریکا و ئەڵمانیا و ڕووسیا و بەریتانیا) لەو ڕۆژگارەدا. ئەمە لەکاتێکدا لە نووسینەوەی مێژوودا نووسەر سەرنج دەخاتە سەر بابەتە گشتییەکان و ڕووداوە سەرەکیەکان. بەڵام هەندێک جاریش مێژوونووس لەو ڕێگایانەوە تیشک دەخاتە سەر ژیانی تایبەتی کەسەکانیش، بۆ نموونە کاتێک باس لە داگیرکاری هێرشەکانی مەغۆل دەکرێت، لەگەڵیدا فۆکەس دەخرێتە سەر کەسایەتی (جەنگیزخان)، گەورە سەرکردەی مەغۆل. یان لە گێڕانەوەی ڕووداوی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەناچاری دەبێت باس لە ژیانی (عومەری خاوەر) وەک فیگەرێکی دیاری مێژووی ئەو تاوانە بکرێت.

3- لە نووسینەوەی یادەوەریدا نووسەر پەیوەستە بە (شوێن، کات، ناو، بەروار)ەوە، لەکاتێکدا بۆ نووسینی مێژوو ئەمانە زۆر گرنگ نین. بەقەد ئەوەی قەبارەی ڕووداو و چۆنێتی ڕووداوەکە گرنگە کە ئەڵبەتە ئەمانە بۆ نووسینی ڕۆمانی مێژووییش هەر وان.

ئێستا و پاش خستنەڕووی ئەم جیاوازی و بەراوردکارییە، مەبەستمە لەسەر نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی شۆڕشی نوێی گەلی کورد لە پاش ساڵانی (1974) وە تا ڕاپەڕینی بەهاری (1991) وەک مێژوو بوەستم کە زۆرێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو شۆڕشە نووسیویانەتەوە. لە هەمانکاتیشدا تیشکێک بخەمە سەر ڕۆمانێکی سێ بەرگیی ڕۆماننووسی کورد (بەختیار عەلی) بەناوی (کەشتیی فریشتەکان) کە ئەم ڕۆمانە دەچێتە خانەی نووسینی ڕۆمانی مێژوویی تایبەت بە گێڕانەوەی شۆڕشی نوێی کورد لە هەمان ئەو ماوەیە. واتە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بینینی دیوی دووەمی ڕووداوەکانی ئەو شۆڕشەیە لە دیدی ڕۆماننووسێکەوە.

### بیرەوەرییەکانی شۆڕشی نوێ و ڕۆمانی کەشتیی فریشتەکان

لە ماوەی ڕابردوودا هەندێک لە کتێبی بیرەوەرییەکانی شۆڕشی نوێم خوێندووەتەوە، لەوانە: بیرەوەرییەکانی (مام جەلال) ئامادەکردنی سەڵاح ڕەشید، (خولانەوە بەدەوری بازنەدا)، (پەنجەکان یەکتری دەشکێنن)، (لە کەناری دانووبەوە تا خری ناوزەنگ)ی نەوشیروان مستەفا، (ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک) محەممەدی حاجی مەحموود، (ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو)، هەڤاڵ کوێستانی، هەر چوار بەرگی (ئەزموون و یاد)ی پشکۆ نەجمەدین، (یادەوەرییەکان) ی مستەفا چاوڕەش، (بە خەونێکی گەورەوە کەوتینە ڕێ) مامۆستا جەعفەر، (کە لێرەوە سەیری ژیانی خۆم دەکەم)، دکتۆر فایەق گوڵپی، (یادەوەرییەکانی سەنگاوی)، مەحموود سەنگاوی کە بێگومان کتێب و بیرەوەریی دیکەش زۆرن و بەداخەوە من تا ئێستا دەرفەتی خوێندنەوەیانم نەبووە، خوێندنەوەی هەریەکێک لەمانەش بۆخۆی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و هەریەکە لەوانە گۆشەیە لە ژیانی تایبەتی و پێشمەرگایەتی نووسەر و لە ڕێگەی ئەویشەوە ئاشنابوونە بە وردەکاریی هەندێک لایەنی شۆڕش و پەیوەندییەکانی و ژیانی پێشمەرگانە و تەواوی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە مێژووییەی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور دەخەنەڕوو. وەک خوێنەرێک کاتێک ئەم مێژووە بەو جۆرە دەخوێنمەوە، سەدان پرسیاری جۆراوجۆر مێشک و بیرکردنەوەم ئاڵۆز دەکەن، پرسیارگەلێک کە وەڵامەکانیان بەشێکی بەرچاو و ڕوونە و بەشێکی ون و نادیار، هەر وەک چۆن بەشێکی گرنگی ڕووداوەکان لە هەموو نووسینی ئەم نووسەرانەی یادەوەرییەکاندا ونە و خۆیان لە گێڕانەوەی پاراستووە بە هەر بیانوویەک بێت، چونکە من دەزانم هیچ مرۆڤێک، بەتایبەتی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لە هەر ئاست و پلەیەکدا بێت، باس لە هەڵە و تاوان و کەموکورتییەکانی خۆی وەک تاک ناکات، لەسەر ئاستی گشتیش بەبیانووی پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و نهێنییەکانی حزب و بە دروشمی "هەموو شتێک بۆ گوتن نابێت"، خۆیان لە گێڕانەوەی تەواوی ڕاستییەکان بواردووە. بەڵام هەرچۆن بێت هەریەک لەوانە شتگەلێکیان خستووەتەڕوو بە ئاگا یان بێ ئاگا، بە مەبەست یان بێ مەبەست کە ئێمەی نەوەی نوێ، یان خوێنەرانی ئێستای ئەو مێژووە تێبفکرین و بە تێڕامانەوە بپرسین ئایا بەڕاستی ئەوەی کراوە و ئەوەی ڕوویداوە شۆڕش بووە یان نا؟ من وەڵامی ئەمە بۆ خوێنەر جێدێڵم، بەڵام بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ڕاستەقینەی ئەم پرسیارە پەنا دەبەمە بەر خوێندنەوەی ڕۆمانە سێ بەرگیەکەی (کەشتیی فریشتەکان)ی ڕۆماننووس (بەختیار عەلی). ئەو دەربارەی کەسایەتی شۆڕشگێڕ دەڵێت: "هەموو شۆڕشێک بە دوو جۆر لە مرۆڤ دەکرێت، جۆری یەکەم شۆڕشگێڕە گەورەکانن کە دێن بۆئەوەی بمرن، بۆ ئەوەی شەهید بکرێن، بۆ ئەوەی بەپێی خۆیان خۆیان فڕێبدەنە هەلاکەتەوە. ئەوە ئەو شۆڕشگێڕانەن کە لە دژی ئازار ڕانەپەڕیون، پێویستیان بە ئازارە، بەڵام من خۆم لە ئازار ڕادەکەم. شۆڕش هیچ نییە جگە لە یاخیبوونێکی گەورە لە ئازار. شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئەوەیە کە دەکوژێت بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، بۆئەوەی ئازار نەچێژێت، بۆئەوەی لەڕیزی بەهێزەکاندا بێت، لەبەرەی براوەکاندا."

### بۆچی ڕۆمانی کەشتیی فریشتەکان؟

ڕۆمانی کەشتیی فریشتەکان یەکێکە لە ڕۆمانە ناوازەکانی ناو دونیای ئەدەبی ئێمە لە پاش ڕاپەڕین، ئەم ڕۆمانە سێ بەرگە و بە تێکڕای لاپەڕەکانی نزیکەی (2218) لاپەڕەیە. تێمای سەرەکی ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی مێژووی شۆڕشی نوێی کوردە لە ساڵی (1974)وە تا پاش ڕاپەڕین، ئەویش بە تەکنیک و شێوازی گێڕانەوەی فەنتازیانەی ئەدەبی و ڕۆماننووسیانە، بەجۆرێک کە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا، مرۆڤ بەر دیوی شاراوەی شۆڕش و هەموو وردەکاری ڕووداوەکانی ناوی دەکەوێت جیاواز لەوەی کە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەو شۆڕشە لە ڕێگەی نووسینەوەی یادەوەرییەکانیانەوە نەیانگوتووە و نەیانویستووە بیڵێن. هەر وەک (میلان کۆندێرا)ش دەڵێت: "تاقە ڕەوایەتیی بوونی ڕۆمانێک لەوەدایە، ئەوە بڵێ کە تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیلێ". ئەوەتا لەلاپەڕە (625)ی بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەدا، نووسەر دەربارەی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە دەڵێت: "ژیانی ڕاستەقینە چیرۆکنووسەکان ڕزگاری دەکەن نەوەک پزیشکەکان، پزیشکەکان دەتوانن چەند مانگێک یان چەند ساڵێک ژیانت درێژ بکەنەوە، بەڵام چیرۆکنووسەکان دەتوانن وابکەن هەمیشە بژیت". بۆ من پاش خوێندنەوەی ئەو بیرەوەریانە، خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە ئێجگار گرنگ بوو. چونکە ئەم ڕۆمانە جارێکی تر و بەجۆرێکی تر و واقیعیانەتر دەمانخاتەوە بەردەم پرسیاری شۆڕش و کەسایەتی شۆڕشگێڕ و ئەوەی بەناوی ئازادیی نەتەوەوە کراوە جیاواز لە گێڕانەوەی مێژووی شۆڕش لە دیدی کارەکتەرەکانییەوە. با بۆ نموونە بەراوردێک لە نێوان هەندێک لە تێما و پلۆتی ئەو یادەوەریانە و ئەم ڕۆمانەدا بکەین.

1- کاتێک ناوەڕۆکی هەریەکێک لەو بیرەوەریانە دەخوێنیتەوە، بەر چەندین هەڵوێست و ڕووداوی تراژیدی دەکەویت کە بە هەموو پێوەرەکان دوورن لە کەسایەتی شۆڕشگێڕ و خودی ئامانجی شۆڕش. لەوانە (گێڕانەوەی شەڕی براکوژی، کوشتنی خەڵکی مەدەنی لەسەر زانیاریی هەڵە، جاسووسی بەسەر هاوڕێکانەوە، ئازاردانی خەڵکی بێتاوان، دزی و ڕاوەڕووت، هۆکار بۆ کوشتنی خەڵکی بێتاوانی دیهاتەکان، درۆکردن لەگەڵ خەڵک بەناوی شۆڕشەوە) و سەدان و هەزاران جۆری تر لە ڕووداو و کارەساتی ناخۆش. ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدام مرۆڤ شۆڕشگێڕ بێت یان نا، مەعسوم نییە لە هەڵە و تاوان و هیچ شۆڕشێک لە دونیادا نییە بێ کەموکورتی بێت، بەڵام هەندێک پێوەریش هەیە کە دەکرێت شۆڕشی پێ لە فەوزا و کاری تێکدەرانە جیابکرێتەوە. لەم ڕۆمانەدا نووسەر ئاوا لە شۆڕش دەڕوانێ: "شۆڕش بە ئازادی کۆتایی نایەت، بە ئازادی دەستپێدەکات، ئەو مرۆڤانەی کە هەمیشە ئامادەن کۆیلە بن، هیچ شۆڕشێک ناتوانێت ڕزگاریان بکات، دنیای ئازاد پێش مرۆڤی ئازاد لە دایک نابێت، بە پێچەوانەوە ڕێگا گەورە و مومکینەکە ئەوەیە مرۆڤی ئازاد پێش دونیای ئازاد لەدایک بێت". بەڵام لە پاڵ هەموو دەستکەوتەکانیدا، بە پێچەوانەی ئەمەوە شۆڕشی کوردی لە سەرەنجامدا، کۆیلایەتی حزبی و ئازادیی سنووردار بەرهەمدێنێت، ئەویش بە پەروەردەکردنی تاکێک کە هیچ ئینتمایەکی نەک بۆ شۆڕش، بەڵکو بۆ نیشتمانیش نەبێت. (کەشتیی فریشتەکان) کتێبێکە هاوشێوەی هەمان کتێبی گێڕانەوەکانی شۆڕش، بەڵام جیاواز لە دیوە واقیعیە شاراوەکەی، ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی کەسایەتییەکی دیاری شۆڕشە بەناوی (وەفای ڕەفعەت بەگ) کە بێگومان ناوێکی خەیاڵیی ناو خەیاڵدانی نووسەرە، ئەم پیاوە وەک هەموو ئەوانی دیکە ئاگاداری وردەکارییەکانی شۆڕشە و ڕۆڵ و کاریگەری لە ڕووداوەکاندا هەبووە، هەربۆیە گەشتی ژیانی ئەو لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ دەستپێدەکات، خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دووبارە بۆ تێگەیشتنە لە مرۆڤ، لە دەنگێک کە پێیدەگوترێ ناوەوەی ئینسان، بەشە تاریکەکەی هەر مرۆڤێک، بۆ ڕامانە لە جەنگەکان، لەو هەولانەی کە مرۆڤ بەناوی ئازادییەوە خۆی کۆیلە دەکات و دونیای ئەوانی تریش وێران دەکات. بۆ تێگەیشتنە لە شۆڕش، لە ئازادی، لە دیوە ترسناکەکانی ئینسان، بۆیە بەبڕوای من بۆ تێگەیشتن لە مێژووی شۆڕشی نوێ و زانینی دیوە شاراوەکانی ئەو شۆڕشە، خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە پێویست و گرنگە. چونکە وەک (بەختیار عەلی) خۆی لە دیمانەیەکدا دەربارەی ڕۆمانەکە دەڵێت: "کەشتیی فریشتەکان هیچ نییە جگە لە مێژووی تاریک و دۆزەخی کایەی سیاسی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا".

**بۆ ئەم نووسینە سوودم لەم کتێبانە وەرگرتووە.**

1 - هونەری ڕۆمان – میلان کۆندێرا – وە/ کەریم پەڕەنگ - دەزگای سەردەم— 2008
2- ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان —عەتا محەممەد— ناوەندی ئەندێشە— 2014
3- هونەری ژیاننامە-سەنگەر زراری - نووسینگەی تەفسیر 2019



## هاشم سەڕاج، نووسەر و ڕەخنەگر:

# زۆرجار بڕیارمداوە دەست لە نووسین هەڵگرم

ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، هاوکات بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بەدوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویستترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕوئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش لێرەدا، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە نۆزدەهەمین گفتوگۆماندا، هاشم سەراج، نووسەر و ڕەخنەگر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتووری ڕووداو**

**ڕووداو: لەم کاتەدا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**

**هاشم سەڕاج:** کتێبی "وشەکان و تابلۆکان"ی میشێل فۆکۆ و ئەوانی تر، هاوار محەممەد کردوویەتی بە کوردی. کتێبێکی ڕیزۆمییە، ڕیزۆم جۆرە گیایەکی ڕیشاڵییە، ڕەگە تۆڕە ڕیشاڵەکان کە بە هەموو لایەکدا دەجولێن، هیچ ڕەگێکی بنچینەییان نییە، لای دۆلۆز ڕەگەزە خز و لووس و نەگیراوەکەی جیهانە، ئەم کتێبە کۆمەڵێک پرس دەخاتە ڕوو لە لەدایکبوونی مرۆڤ و ئارکیۆلۆژیای زانستە مرۆڤایەتییەکان، تیایدا کار لەسەر تابلۆکەی ناو کتێبی "وشەکان و شتەکان"ی میشێل فۆکۆ دەکرێت، هەروەها فۆکۆ- ئاڵتۆسێر و (مێژووی شێتی و بێعەقڵی)ی فۆکۆ و کێشەی ئۆرگیناڵەکان و فۆکۆ- سارتەر و فۆکۆ- دۆلۆز و ئەنتی ئۆدیب و دریدا لە خوێندنەوەیەکدا بۆ مێژووی شێتی و دەربارەی کۆجیتۆ ڕەخنە لە فۆکۆ دەگرێت و لەو کتێبەدا جێگەیان بووەتەوە.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**

**هاشم سەڕاج:** دەتوانم بڵێم ڕۆمانی "برایانی کارامازۆڤ"ی دۆستۆیڤسکی بە هەرسێ ئاڕاستە هزرییەکەی، دیمتری کاراکتەرێکی ڕۆمانسییە، ئالیوشا تیۆلۆژی و ئیڤان بوونەوەرێکی ڕاڕا و نیگەرانە و ڕوانینەکانی لێوانلێون لە هەست و دنیابینیی بوونگەرایی. من زۆرتر شەیدای بۆچوونەکانی ئیڤانم، ئیڤان وەک کورە خانەدانێک سمیردیاکۆڤی زڕبرا بیزووەکەی کە لە ئەلیزابێسی سواڵکەرە، بە ناکەسبەچە لە قەڵەم دەدات!

**ڕووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**

**هاشم سەڕاج:** "بوون و کات"ی مارتن هایدیگەر، مرۆڤ دازاینە، بوون لێرە خاوەنی بوونێکی بێبنەڕەت و کاتییە لەناو کاتدا دەژی و هەر لەویاش لەناو دەچێت!

**ڕووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەتخوازی تۆ نووسیبات؟**

**هاشم سەڕاج:** کتێبی "ئەلف بێ"ی ژیل دۆلۆز، دیمانەیەکی قووڵ و ئازاد و جوانە، خاتوو کلەیر پارنێت لەگەڵی کردووە و هاوار محەممەد کردوویەتی بە کوردی، دۆلۆز لەم دیبەیتەدا بەپێی زنجیرەی ئەلف بێ تێ لە کۆمەڵێک چەمکی بێشومار دەدوێت.

**ڕووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**

**هاشم سەڕاج:** تۆ بڵێی کتێبگەلێک، نووسین لای من کردەیەکی دەقئاوێزانە و ستایل سوبێکتە و چۆنییەتی ڕوانینە بۆ بوون و جیهان و مەرگ و جوانی و ... هتد. لای ڕۆلان بارت ستایل بەردەوام ستایلی پێش خۆی دەسڕێتەوە، دەتوانم بڵێم نووسین گەمەی ستایلەکانە بە دنیابینییەکی قووڵ و بەهێز کە سەر بە چۆنییەتی گوتن و دەربڕینە، ڕیتم و ستایل بە دارڕژان وا لە زمان دەکەن فۆڕمێکی تایبەتی وەربگرێت، هەڵبەتە زمان لە نووسیندا ئامانج و مەبەستە نەک ئامراز!

> **زمان لە نووسیندا ئامانج و مەبەستە نەک ئامراز**

**ڕووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**

**هاشم سەڕاج:** ڕۆمانێکی عەتیق ڕەحیمییە، بیرم نەماوە "خاک و خۆڵەمێش"ـە یان ڕۆمانێکی ترە، کاتی خۆی خوێندنەوەم بۆی کردووە، دیمەنێکی زۆر تراژیدیی تێدایە، کاتێک فرۆکەیەکی سۆڤێتی لەناو بازاڕی ئەفغانستاندا گەرماوێکی گشتی بۆردومان دەکات، ئافرەتێک بە ڕووتوقووتی ڕووە و شەقامەکان ڕادەکات، هەڵبەتە ئەم دیمەنە حەقیقی و کوشندەیە و تراژیدیایە نەک پۆرنۆ!

**ڕووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**

**هاشم سەڕاج:** ڕەنگە ڕۆمانی "مۆزەخانەی پاکیزەیی" ئۆرهان پاموک بێت. کتێبی عیشقە، دڵدارییەکی غەریبە لە نێوان کوڕە دەوڵەمەندێک و کچێک کە لە بنەماڵەیەکی هەژارە، لە هەمان کاتدا کارکردنە لەسەر کولتووری خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی.

***

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئایندەی فەڕەنسا فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**ڕووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**

**هاشم سەڕاج:** جوانیی لای ئیمانوئێل کانت لە نیگا و چاودایە، پێویستە کردەی چاکەیش بەبێ هیچ ئامانج و سۆز و مەبەستگەرایییەک لە سوبێکتدا نیشتەجێ بێت.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟**

**هاشم سەڕاج:** تایبەتمەندییە باشەکان ڕێژەیین و دامەزراوە نین و بنچینەیەکی جێگیریان نییە، پڕن لە بەدحاڵیبوون و لەگەڵ ڕۆیشتنی کات دەگۆڕێن.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**هاشم سەڕاج:** هەمان وەڵامی پێشووم بۆ ئەم پرسیارەش هەیە.

**ڕووداو: بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**

**هاشم سەڕاج:** بێدەنگی و کەموتن کە دژی هەڵەوەڕین! لێرەدا مەبەست خودی زمانە کە لای ڕۆلان بارت ڕەوشێکی فاشیی هەیە و لای جاک لاکان بونیاد و پێکهاتەیەکە لە نائاگایی!

**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**

**هاشم سەڕاج:** حەزم لە گەشتە و جارجارەش لە تەنیایی و بێدەنگییەک تیایدا نوقمی تێرامان ببم و مۆنۆلۆگ لەگەڵ خۆم بکەم، چونکە شیعر زمانە و جۆرێکە لە بیرکردنەوە!

**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**

**هاشم سەڕاج:** چرکەساتێکی تێپەڕە، هەڵگری دڵخۆشییەکە، کە خاڵی نییە لە توخمەکانی غەمگینی.

**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**

**هاشم سەڕاج:** دەبەنگی کە نەزانی دەبەنگە.

**ڕووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**

**هاشم سەڕاج:** گرنگ نییە (تەمەن کورتە) ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕۆمانێکی قەدیس ئۆگەستین. هەر شوێنێک ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و عیشق و جوانی تیایدا باڵادەست بێ.

> **دەمەوێت لە شوێنێک بژیم دادپەروەری و عیشق و جوانی باڵادەست بن**

**ڕووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**

**هاشم سەڕاج:** ڕەنگی شین هەم ڕەنگی ئاسمانە هەم هەڵگری شادییەکی خەفەتبار. گوڵی سپی جوانە!

**ڕووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟**

**هاشم سەڕاج:** نیچە، هوسرەڵ، هایدیگەر، سارتەر، کامۆ، میرلوبونتی، ژۆرژ باتای، مۆریس بلانشۆ، میشێل فۆکۆ، ژیل دۆلۆز، جاک دریدا، ژان بۆدریار، فرانسوا لیوتار، واڵتەر بنیامین، ئیمانوئێل لیڤیناس، هانز جۆرج گادامێر، پۆل ڕیکۆر، ستانلی فیش، قوتابخانەی کۆنستانس (یاوس و ئایزەر) ژیزەک، جیانی ڤاتیمۆ و .. تاد.

**ڕووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**

**هاشم سەڕاج:** هۆڵدەرلین، ت.س ئیلیۆت، شارڵ بۆدلێر، ئارسەر ڕامبۆ، ڕێلکە، ساڤۆ، لوتریامۆن، مالارمیە، ئەدۆنیس، نالی و گۆران و شێرکۆ بێکەس و ئەندرێ بریتۆنی سوریال و تریستان تزارای دادا، فروغ فروخزاد و سوهراب سپهری.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**هاشم سەڕاج:** ڕاسکۆلنیکۆڤی کاراکتەری ڕۆمانی "تاوان و سزا"ی دۆستۆیڤسکی، کەسایەتییەکی نیگەرانی شیزۆیی و دژی کۆمەڵگەیە و بە دوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتییدا دەگەڕێت.

**ڕووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**

**هاشم سەڕاج:** دوو ژنە کاراکتەری نەشئەبازی بەناوبانگ، ئیمای ڕۆمانی "مەدام بۆڤاری"ی گوستاف فلۆبێر و لیدی ڕۆمانی "عشیق ئەللیدی چاترلی" لۆرانس، دەتوانم بڵێم هەردوو تێکستەکە کار لەسەر چارەسەرکردنی ئارەزووی سێکسی دەکەن لای ژنان کە چارەسەرکردنێکی سەخت و دژوارە لەبەر ئەوەی نغرۆی چێژی ئیرۆتیکین!

**ڕووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**هاشم سەڕاج:** ڕوسینی و حەلاق، ئیشبیلییە و سیمفۆنیاکانی باخ و بیتهۆڤن و سیمفۆنیای پێنجەم، لێدانەکانی قەدەر و ژەنینە دڵپڕووکێنەرەکانی نەسیر شەممە.

**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**

**هاشم سەڕاج:** زۆرن، پول کلی و ڤان کوخ و تابلۆی کێڵگەی گەنم و قەلەڕەشەکان.

**ڕووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**

**هاشم سەڕاج:** شکار، ساسان، ڤان، لیا، فریبا.

**ڕووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**

**هاشم سەڕاج:** درۆ و مرۆڤی دووفاقی کە نواندنکاری دەکات.

**ڕووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبووایە؟**

**هاشم سەڕاج:** دەنگم خۆشبووایە و گۆرانیم بگوتبایە!

**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**

**هاشم سەڕاج:** مردنێکی کتوپڕی بێ ئازار!

**ڕووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**

**هاشم سەڕاج:** هەست ناکەم باش بم، جارجارە دڵخۆش دەبم، بڕێ جاریش خەمۆکییەکی قووڵ دەروونم دادەگرێت و ژیان چەشنی فەنتازیایەکی شین دەبینم!

**ڕووداو: دروشمی تۆ چییە؟**

**هاشم سەڕاج:** هیچ دروشمێکم نییە و دژی دروشمبازیم، دروشمخوازەکان زیاتر پاسەوانی کولتوورن و توانای ڕاڤەکردنیان زۆر کەمە، تەنها بە هەڵەوەڕی داکۆکی لە دەقەکان دەکەن و تاقەتی خوێندنەوەیان نییە! بەڵام لە ڕوانگەیەکی ئینسانییەوە ئاواتی هەرە گەورەم ئەوەیە کورد مانەندی نەتەوەکانی تر خاوەنی دەوڵەتێکی دیموکراسی بێت!

**ڕووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**

**هاشم سەڕاج:** نەوەڵڵا من بەڕێکەوت تووشی شیعر هاتم!

> **بە ڕێکەوت تووشی شیعر هاتووم**

**ڕووداو: زیاتر بە ئەدەبیاتی کام وڵات سەرسامیت؟**

**هاشم سەڕاج:** لە ڕووی ئەدەبیاتەوە فەڕەنسا، لە ڕووی فیکرەوە ئەڵمانیا.

**ڕووداو: هەرگیز هەبووە ڕۆژێک لە نووسەربوونت پەشیمان بیت؟**

**هاشم سەڕاج:** من کەسێکی نیگەران و ڕاڕام، زۆرجار بڕیارم داوە دەست لە نووسین هەڵگرم و چیتر وشەیەک نەنووسم، بەڵام نەمتوانیوە.

**ڕووداو: ئەگەر ڕۆمانێکی کوردی دیاری بکەیت، وەک یەکێک لە باشترین ڕۆمانەکان، چ ڕۆمانێک دیاری دەکەیت؟**

**هاشم سەڕاج:** "شاری مۆسیقارە سپییەکان"ی بەختیار عەلی تێکستێکی کراوەیە و جۆرەها تەئویل هەڵدەگرێت، کاتی خۆی خوێندنەوەیەکی درێژم بۆ ئەم ڕۆمانە کردووە و لە گۆڤاری ڕامان بڵاوبووەوە، دەسپێکێکی فرە ئێستاتیکی هەیە کە سەرسامی کردم و ڕۆمانی "مردن لە ڤینیسیا"ی تۆماس مانی بیرخستمەوە!

**ڕووداو: سەبارەت بە دوایین بەرهەمی خۆت بۆمان بدوێ، ئیش لەسەر چی دەکەی، ئایا بەرهەمی تازەت هەیە و لە چ قۆناغێکدایە، وردەکاری و ناوەکەی، هەر شتێک کە حەز بکەی دەربارەی بە ئێمەی بڵێیت؟**

**هاشم سەڕاج:** ساڵانە پڕۆژەی شیعریم هەیە، دەخوێنمەوە و دەنووسم، دەقەکان ڕۆژانە لە فەیسبووک بڵاو دەکەمەوە، ئێستا شەش پڕۆژەی ساڵانەی شیعریم ئامادەیە بۆ چاپ، زیاتر شیعری ئێستاتیکی و هزری و فەلسەفین، تا ئێستا بیرم لەوە نەکردووەتەوە بە چاپیان بگەیەنم، حەز ناکەم، بەڵام بۆ برادەرە نزیکەکانم ناردوون تا لە لایان بپارێزرێن و نەفەوتێن، ئێستا لە پڕۆژەی 2019دا کار دەکەم بە ناوی (شیعر و لۆگۆس)، ئەمەیش بە هەمان شێوە تێکستەکان ڕۆژانە لە فەیسبووک بڵاودەکەمەوە.